# وەفا

**سولەیمان فەرشی**

**گەڕانەوەم مەیی، لە نێو حەساری چارەنووس**
**بە خۆم نییە کە هەر دەڵێم،پسا رەگی حەسانەوم**
**ئەتۆ دەڵێی پەژارەیە،کە بوو بە چەتری سەر دڵم**
**ئەوە چ بوو کە هەڵفڕی، لە جێ ژووانی هەوەڵم**

**پاییز! بۆ وادەکەی لەو دڵە پەڕەواز بووە،لە خۆشەویستی وڵاتەکەم؟!**
**باوەش باوەش بە فرمێسکی چاوەکانم گەڵا دەشۆمەوە و مزگێنی بەهاریان دەدەمێ!**
**بۆ بەو هەورە رەشانەت ناڵێی لاچن لە سەر شەو و ئەستێرەکان؟!**
**بۆ بەرۆکی حەسانەوەت لێ گرتووم، بۆ ناهێڵی شین بم هەتا بەهار دادێ؟**

**بە بێ بارانی و وشکە ساڵی ڕاهاتووم! وشەکانی شاعیرانی وڵاتەکەم دەبنە باران، سەر و پرچی هەموو دارەکان دەشۆنەوە.بۆ لێم ناگەڕێی بحەسێمەوە لە جێ ژووانی ئەستێرەکان؟!**

**لاسکە گەنمەکانی موکریان خۆر چاک دەناسن و پێی ڕاهاتوون، من پێم خۆشە ئەستێرەکانی وا دێنە باوەشی خاکەوە، حەریری ئاڵای وڵاتەکەم بە سەر شانیانەوە بێ، پێم خۆشە ئەستێرە بن لە سەر سینگی ناڵەشکێنە!**
**ئەرێ ناڵەشکێنە چەند ساڵی دی بەرگەی ئەو هەموو خەمە دەگری؟**
**بۆ گڕ ناگری بە تیشکی ئاگری ئەو هەموو شەمە؟**
**بۆ نابی بە هەزاران هەزار کۆتر و بڕۆی بەرەو پیری ئاسمان؟**
**تاکەنگێ بە چاوەڕوانی کوژانی ئەستێرەکان دەڕوانی؟!**

**چوومە سەر هەر دەریایەک،**
**باسی دەریای دڵی تۆم کرد، کە چۆن هەزران هەزار ئەستێرە بە خێو دەکەی بە تەنیایی!**

**تۆ پێت وایە بە تەنیا ماویەتەوە؟!**
**ئەی ئەوە نییە بە کوڵمەوەی،بۆ هەموو شۆنێک دەتگێڕم!**
**وشەکانم پێیان خۆشە، هەموو رۆژێک بە ئاوی حەوزە گەورە رومەتیان بتەزێ،**
**لە داوێنی ناڵەشکێنە شین بن!**
**وەرن بە پەپولە بڵێن ببێتە شێعر و هەڵفڕێ،بە باڵی ئارەزوو بڵێن پەردەی بێدەنگی دادڕێ.**
**دەڵێم لە شارێک نزیک ببمەوە، کە ئەستێرە بەخێو دەکا،**
**کوا پێم دەکرێ باری خەمی شارێک و وڵاتێک بە تەنیا هەڵگرم؟!**
**بە بێ بارانی و وشکە ساڵی ڕاهاتووم،**
**بە بێ وەفایی و بێ دەنگی ڕانەهاتووم،**
**کوا پێم دەکرێ بە بێ"وەفا" بژیم؟!**

**یەکی سەرماوەزی ساڵی 2705**
**کۆڵن – ئاڵمان**